زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین   ژمارە ٩٠

ژمارەی مۆڵەت ١

ئەو کات و شێوازانەی

کە دروست نیە سەرجێی و کاری

شەرعی لەگەڵ خێزاندا بکرێت

نوسینی

م. هەڵگۆرد مصطفی گەڵاڵەیی



پەرتوکخانەی
٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠
دێرین

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد الله رب العالمين و الصلاة و السلام على نبينا محمد وعلى أله و صحبه و من تبيعهم بإحسان إلى يوم الدين و بعد.

به پشتیوانی خوای گەورە لەم نامیلکەیەدا باسی ئەو کات و شێوازانە دەکەین کە دروست نیە سەر جێی و کاری شەرعی لەگەڵ خێزاندا بکرێت ، چونکە زۆرێك لە موسڵمانان هەیە بێ ئاگان لەم بابەتە و زۆر جار بەهەڵە تووشی گوناح و ناشەرعی دەبن بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بنوسم .

١-لە کاتی (حیض) سوڕی مانگانەی ئافرتان: کاتێك ئافرەت دەکەوێتە ئەم حاڵەتە دروست نیە پیاوەکەی (جیماعی) سەرجێی لەگەڵ بکات ،خوای گەورە فەرموویەتی: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) . (البقرة: ٢٢٢) . واتە : ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە چوونە لای خێزان لە کاتی (حەیزدا) ،پێیان بڵێ ئەم خوێنە شتێکی پیس و زیانـاویە بۆیە لەو کاتەدا سەرجێی لەگەڵ خێزانتاندا مەکەن لێیان نزیك مەبنەوە بۆ سەرجێی لەگەڵ کردن هەتا پاك دەبنەوە و (خۆیان دەشۆن) ، کاتێك پاك بوونەوەو (خۆیان شوشت) بڕۆنە لایان و سەرجێیان لەگەڵ بکەن بەو شێوەیەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردون کە دەبێت لە ڕێگای دامێنیەوە بێت نەك کۆمی ، بەڕاستی خوای گەورە تەوبەکاران و خۆ بە پاك ڕاگرانی خۆش دەوێت .

٢-لەکاتی (نیفاسدا) واتە: کاتی زەیستان: ئافرەت کاتێك منداڵی دەبێت دەکەوێتە حالەتی بێ نوێژی و بۆ ماوەی چل ڕۆژ یان کەمتر بەردەوام خوێن دەبینێت , دروست نیە لەو کاتەدا سەرجێی لەگەڵ بکرێت هەتا تەواو پاك دەبێتەوەو خۆی دەشوات .

٣-لە كاتی ئیحرامدا : ئەو كاتەی پیاو یان ئافرەت لە ئیحرامی حەج یان عومرە دایە دروست نیە سەرجێی بكرێت هەتا ئەو كاتەی عیبادەتەكەیان تەواو دەبێت و ئیحرامە كە دەشكێنن .

٤-لە ڕێگای كۆمەوە : دروست نیەو حەڕامە پیاو لە ڕێگای كۆمی خێزانیەوە سەرجێی بكات ، ئەم كارە كوفرە و گوناحێكی زۆر گەورەیە و دروست نیە، بەڵام چوونە لای خیزان لەدواوە لە شوێنی منداڵ بوون دروستەو ئاساییە .

٥-لە كاتی بەڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان : دروست نیە و حەڕامە پیاوان و ئافرەتان لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا لە كاتی بەڕۆژبوندا سەرجێیی بكەن بەڵام لە شەوانی ڕەمەزان دروستە ، ئەگەر ئەوكارە لە كاتی بەڕۆژبوندا بكەن لەكاتێكدا بزانن كە دروست نیە ئەوە دەبیت كەفارەت بدەن كە بریتیە لەگرتنەوەی ڕۆژوەكەیان ، وە پیاوەكە دەبێت (٢) مانگ بەسەر یەكەوە بەڕۆژوویێت ، بەڵام ئەگەر بەهۆی عوزرێكەوە نەیتوانی بە ڕۆژووبێت ئەوە دەبێت (٦٠) هەژار تێر بكات ، وە ئافرەتەكەش هەمان كەفارەتی لەسەرە ئەگەر حوكمەكەی زانیبێت و بەزۆر ئەو كارەی پێ نەكرابیت ، بەڵام ئەگەر بەهۆی نەزانینەوە ئەم كارەیان كرد ئەوە كەفارەتیان لەسەر نیە .

٦-لەوكاتەی زیانی بۆخێزانەكەی هەیە : ئەگەر پیاوێك خێزانی نەخۆش بوو لە ڕووی تەندروستیەوە و ئەوكارە شەرعیە زیانی بۆ هەبوو ئەوە دروست نیە پیاوەكەی لێی نزیك بێتەوە .

چەند تێبنیەك:

١-دروستە پیاو چێژ لە خێزانەكەی وەربگرێت لە كاتی سوڕی مانگانە یان لەكاتی زەیستان بەمەرجێك تەنها لێی نزیك بێتەوەو خۆی تەواو بكات و بەمەرجێك دخول لەنێوانیان روونەدات .

٢-دروستە پیاو سەرجێی لەگەڵ خێزانی بكات كاتێك خێزانەكەی لەكاتی سوڕی مانگانە تەواو بووەو خوی شوشتووە بەڵام خوێنی (استحاضة) ی هەیە ، واتە: خوێنی نەخوشی ، یان لەو كاتەی خێزانەكەی چل ڕۆژ بەسەر كاتی زەیستانی تێ پەڕیوە بەڵام هەر خوێنی هەیە لەو كاتەش

دروستە سەرجێی لەگەڵ بکرێت چونکە لەکاتی زەیستانی تێ پەڕیوە یان ئافرەت کاتێك پێش چل ڕۆژ لە زەیستان تەواو پاك دەبێتەوە لەو کاتیش دروستە خۆی بشوات و هەموو کارە شەرعیەکان بکات .

٣-ئەگەر ئەندامی زاوزێی ژن و مێرد تەنها بەر یەك بکەون و هیچی نەچێتە ژوورەوە ئەوە خۆشوشتن واجب ناکات ، بەڵام ئەگەر چووە ژوورەوە ئەوە خۆشوشتن لەسەر هەردووکیان واجب دەبێت ئەگەر ئاویشیان لێ نەیەت و کارەشەرعیەکەیان تەواو نەبوبێت غوسل هەر واجب دەبێت .

٤-دروستە بۆ ژن و مێرد سەیری لاشەی یەکتری بکەن و ئاساییە ، یان بەیەکەوە خۆیان بشۆن دروستە و ئاساییە .

٥-لەکاتی سەرجێی کردندا بۆ پیاو دروست نیە واز لە خێزانەکەی بێنێت کاتێك خۆی تەواو بوەو خێزانەکەی تەواو نەبووە .

٦- نابێت ژن و مێرد ئەندامی زاوزێی یەکتر بمژن چونکە دبێتە مایەی خواردنی ئاوی پیس کە لەم دوو شوینە دێتە دەرەوە .

٧- نابێت پیاو یان ئافرەت بەدەستی خۆیان تەواو بکەن بەڵام بەدەستی یەکتری بۆ یەکتری دروستە.

بەڕێزان لەروونکردنەوەی شەرعدا هیچ پێویست بەشەرم ناکات بۆیە لاتان سەیرنەبێ کە ئاوا بەئاشکرا و ڕاشکاوی باسی ئەوبابەتەم کردووە .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

١٦ ربيع الاول / ١٤٣٨ كۆچی — ١٥ / ١٢ / ٢٠١٦ م